وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لەسەر رۆشنایی خاڵی (٢)ی بڕگە (١) لە ماددەی (١٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو کە تایبەتە بەپارێزگار بوونی هەڵەبجە بڕیارماندابە :-

١- گۆڕینی پلەی شارەوانی هەڵەبجە لە پلە (١) بۆ پلە (نایاب).

٢- ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت .

بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی شەشەم و حەوتەم لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣)ی هەموارکراو بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی شارەوانی لە گوندی زرگوێز لە قەزای قەرەداغ سەر بە پارێزگای سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

نەورۆز مەولوود محمد ئەمین

وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

- کردنەوەی (هۆبەی بانکی خوێن) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایك بوونی فێرکاری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦

- کردنەوەی(هۆبەی یاسایی) لە نەخۆشخانەی راپەڕینی فێرکاری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦

- گۆڕینی (بنکەی تەندروستی فایەقی حاجی عەلی) بۆ (سەنتەری پزیشکی ددانی فایەقی حاجی عەلی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

د.رێکەوت حمە رشید کریم

وەزارەتی تەندروستی